ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752859

# دیوانی وەفایی: دەستخەتی میرزا عیسای گەورک

**Conference Paper** · January 2014

CITATIONS
0

READS
951

1 author:

Osman Hamad Dashti
Koya University

**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 04 February 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

## دەستخەتی میرزا عیسای گەورك(*)

پ.د. عوسمان دەشتی – گۆڤاری بنکەی ژین - ژمارە٦ی ساڵی ٢٠١٤

### پێشەکی/

لەسەرەتای دیوانی وەفاییدا هاتووە؛ لە سۆنگەی هەلومەرجی مێژوویی گەلی کوردەوە، یەکێك لە کێشە ئاڵۆزەکانی ساغکردنەوەی دیوانی شیعری کلاسیکی کوردی نەبوونی دەستخەت و دەستنووسی بڕواپێکراو و متمانەبەخشە. لە کاتنساغکردنەوە و ئامادەکردنی شیعر و دیوان و ژیاننامەی هەریەکێك لەوانە نووسەر و لێکۆڵەری کورد لەبەردەم دەیان پرسیار و مەسەلەی گیرنگدا دەستەوەستان دەمێنێتەوە.

ئەم مەسەلەیە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەنوێنێت:

1. شاعیری کۆن و کلاسیکی کورد لە ڕۆژگاری خۆیدا شتێکی سەبارەت بە زیندەگی خۆی، شیعر و دیوان و بەرهەمەکانی، سەربردەی بوون و ژیانی، بە قەڵەم و دەستوخەتی خۆی بۆ تۆمار نەکردووین، هاتوو کارێکی لەو بابەتەش کرابێت ئەمڕۆ لەبەردەستدا نەماوە.

2. نووسەر و یاداشتنووسێك، یان شاگرد و خوێندکارێکی ئەو لایەنە نەهاتووە لە ڕۆژگار و ژیان و مانەوەیی و لە ژێر چاودێری مامۆستاکەیدا، ئەم کارە بکات(١).

3 . له زه‌مان و زه‌مین و رۆژگارێکی نزیك له‌و سه‌رده‌مانه‌دا که شاعیر و ئه‌دیبه‌کانمانی تێدا ژیاون، که‌سێك نه‌بووه لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ك، کتێبێك، تۆمارێکی مێژوویی سه‌باره‌ت به ژیان و به‌رهه‌مه‌کانیان ئاماده بکات. به‌ر له‌وه‌ی ڕه‌وتی کاره‌ساتی زه‌مانه ده‌ستی لێبوه‌شێنێ و ڕه‌وڕه‌وه‌ی ڕۆژگار بیخاته په‌راوێزی په‌رشوبڵاوی و له‌بیرچوونه‌وه(٢).

دیاره له‌پاڵ هه‌لومه‌رجی سیاسی و مێژوویی که‌وا گه‌لی کورد له ڕابردوودا پێیدا تێپه‌ڕیوه، یه‌کێك له دیارترین هۆکاره‌کان ئه‌وه بووه که‌وا به کوردی نووسین نه‌بووه‌ته داب و مه‌لا و زانا و نووسه‌رانی پێشینانمان به ده‌گمه‌ن نه‌بێت ئاوڕیان له‌و مه‌سه‌لانه و به‌تایبه‌تیش مه‌سه‌له‌ی به کوردی نووسین نه‌داوه‌ته‌وه. حاجی قادری کۆیی (١٨٢٤– ١٨٩٧) هه‌ر زوو په‌ی به ده‌رده‌که بردووه:

کتێب و ده‌فته‌ر و ته‌ئریخ و کاغه‌ز

به کوردی گه‌ر بنووسرایه زوبانی

مه‌لاو و شێخ و میر و پادشامان

هه‌تا مه‌حشه‌ر ده‌ما ناو و نیشانی

ئه‌م بابه‌ته لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی وه‌سفیی - مێژووییه، سه‌باره‌ت به‌ناساندنی یه‌کێك له سه‌رچاوه ڕه‌سه‌ن و کۆنینه‌کانی شیعر و دیوانی وه‌فایی (میرزا عه‌بدوڕڕه‌حیمی وه‌فایی/ ؟ - ١٩٠٢).

باسەکە لە پێشەکیی و سێ بەش پێکهاتووە، هەر بەشێکیش چەند بڕگەو بابەتی گرتۆتەوە، لەگەڵ ئەمجام و لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان و پاشکۆیەکی بەڵگەنامەیی.

## بەشی یەکەم

لەبارەی دەستخەت و دەستنووسەکانەوە:

دەستخەت و دەستنوسەکان لە هەر بوار و زانست و زانیارییەکدا بن، بە میرات و کەلەپوورێکی مێژوویی و سامانێکی نەتەوەیی دادەنرێن، گەنجینەی بیر و بەرهەمی ڕۆڵەکانییەتی لەسەردەمەکانی ڕابردوودا، بۆیە میللەتان بایەخی زۆری پێ دەدەن و نرخ و بەهای تایبەتی بۆ دادەنێن. بە مەبەستی مانەوەو پارێزگاری لێکردنی ئەو سامان و گەنجینەیە ئەرشیف و نامەخانەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەن.

لە دوای گلدانەوە و پاراستن و پارێزگاری لێکردنی دەستخەت و دەستنووسەکان قۆناغێکی دیکە دێتە پێشەوە ئەویش توێژینەوە و ساغکردنەوەیانە، کە وەکو لقە زانستێکی سەربەخۆ میتۆد و ڕێوشوێن و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کەوا ئەم دەستخەت و دەستنووسانە بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی بەها و نرخی زانستییەوە لە یەك ئاست و پلەدا نین، زۆر جار بە گوێرەی ناوەرۆك و ڕادەی پارێزراوی و نزیکایەتی لەڕۆژگاری دانەرەوە پۆلینبەندی دەکرێن، بۆ نموونە بە پێی ئەم زنجیرەیەی خوارەوە[٣]:

أ. نوسخەی دەستخەتی دانەرەکە خۆی.

ب. ئەو نوسخە دەستخەتەی کەوا مۆر و ئیجازەنامەی دانەرەکەی بەسەرەوەیە.

ج. نوسخە و دەستخەتی شاگرد و قوتابییەکانی دانەر.

د. ئەو دەستخەتانەی لەسەردەمی دانەرەکەیەوە نووسراونەتەوە.

ه. ئەو نوسخە و دەستخەتانەی کە لە دوای سەردەمی دانەرەکەیەوە نووسراونەتەوە.

لێرەدا (نوسخە و دەستخەتی دانەر خۆی) وەکو بناغە بۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی هەر بابەتێك لە هەمووان لە پێشترە. دوای ئەوە نرخ و بەهای هەر دەستخەتێك پلە بە پلە ڕوو لە نزمی دەکات بە گوێرەی زنجیرەی خاڵبەندییەکە.

هەروەها لەم ڕووەوە چۆنیەتی مانەوەو پاراستنی دەستخەتەکانیش گرینگی خۆی هەیە، تا چەند پۆختە و تەواوە یان کۆن و پەڕپووت بووە و قەراغ و لێوارەکانی خوراوە و وێنەکەی کاڵ و شۆراوەیە، ئەوەش گرینگە چەند نوسخەی جیاوازی دەستخەتەکە لەبەردەستدا هەن، ئایا دەستخەتەکە نوسخەی ڕەسەن و کۆتاییە یان ئەوەتا ڕەشنووس و پراوەی بەراییە ... تاد.

ئەگەر هات و تەنها یەك نوسخە لە دەستخەتێك لە بەردەستدا هەبوو، ئەوە دەبێتە نوسخەیەکی (تاك و دەگمەن)، واش دەبێت چەند نوسخە لە دەستخەتێك لەبەردەستدا دەبن و یەکێکیان کە کۆنترینیانە و لەسەردەمی دانەرەکەی نزیکترە، دەبێت بە نوسخەی (هەڵبژاردە) و بۆ کاری ساغکردنەوەی دەکرێتە بنەما، ئەگەر

هات و کەموکوڕی تێدا بوو، ئەوا بە گوێرەی نوسخەکانی دیکە دروست و تەواو دەکرێت[٤].

جاری واش دەبێت دەستخەتەکان هەڵە و کەم و کورتیان دەبێت، جا یان ئەوەتا دانەرەکەی خۆی کەوتووەتە هەڵەوە، یان لە ڕێگەی نووسەرەکانییەوە هەڵەی تێکەوتووە.

**پێرستنووسی دەستخەتەکان:**

چەند شتێك هەن پێویستە لە کاتی پێرستنووسی و ناساندنی دەستنووسەکان بەتایبەت لە ئەرشیفخانە و نامەخانەکاندا، ڕەچاو بکرێن، وەکو:

أ. ناونیشانی تەواوی دەستنووسەکە و نووسەرەکەی و مێژووی نووسینەوەی.

ب. بارست و قەوارەی دەستخەتەکە کە (قەتع)ی پێ دەگوترێت، لە نموونەی قەتعی روبعی یان وەزیری یان ئەوەتا درێژ و پانیەکەی بە (سانتیمەتر) دەنووسرێت.

ج. ژمارەی لاپەڕەکانی.

د. ژمارەی دێڕەکانی هەر لاپەڕەیەك.

ه. جۆر و ڕەنگی کاغەز، جۆری خەت و مەرەکەب، ڕازاندنەوە و نەخشاندنی لاپەڕەکان و پەراوێز ...

ئەمانە و گەلێ خاڵی دیکە، زۆر جار بۆ دەستنیشانکردنی مێژوو و ڕۆژگاری تۆمار و نووسینەوەی دەستنووسەکە یارمەتیدەری باسکار و لێکۆڵەر دەبن [٥].

دەستخەت و دەستنووس بە گشتی و لە هەر زانست و بوارێك بەتایبەتی لە مەیدانی شیعر و ئەدەبیاتدا، بە سەرچاوەی ڕاستەوخۆ و دەستی یەکەم دادەنرێت. لە کاتێکدا نوسخە چاپییەکان حیسابی سەرچاوەی ناڕاستەوخۆ و دەستی دووەمیان

بۆ دەکرێت، چونکە ئەوانەش لەبەر ڕۆشنایی دەستخەتەکان ڕێکدەخرێن و چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

## بەشی دووەم

**دیوانی وەفایی/ دەستخەتی میرزا عیسای گەورك:**

بە گوێرەی ئەو پۆلینەی کە لە دەستخەتناسیدا بۆ دەستخەت و دەستنووسەکان دەکردێت و لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، (دیوانی وەفایی/ دەستنووسی میرزا عیسای گەورك) نە لەلایەن خودی خاوەن بەرهەمەوە نووسراوەتەوە، نە لە سەردەم و لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئەودا بووەو نە مۆر و ئیجازەنامەی ئەویشی پێوەیە. بەڵام لە نێوان زیاتر لە (١٠) نوسخەی دەستنووس، کە نوسخە چاپییەکان لەبەر ڕۆشناییاندا ئامادە کراون[٦]. دەشێ بە نوسخەیەکی (بەهادار و باش) بدرێتە قەڵەم، بەو هۆیەی:

أ. نووسەرەوەکەی شاگرد و قوتابیی وەفایی خاوەنی بەرهەمەکە بووە.

ب. لە نێوان نوسخە دەستنوسەکاندا لە هەموویان کۆنتر و لەسەردەمی دانەرەکەی نزیکترە.

ج. خاوەنەکەی پیاوێکی ناودار و خوێندەوار و وەفاییناسێکی باش بووە، ئەمەش متمانە بە دەستنووسەکە زیاتر دەکات.

د. بە ماوەیەکی کەم لە دوای کۆچی دوایی وەفایی نووسراوەتەوە.

**پێڕستی وەسفیی دەستخەتەکە:**

ئەم دەستخەتە بەو شێوەیەی کە ئێستا لەبەردەستدایە، لەلایەن خاوەنی دوایی (سەید عوبەیدوڵلای ئەیوبیانی مەرکەزی - بڕڕەك)ەوە ڕێکوپێك و پوختە کراوەتەوە، (واتە تەرمیم کراوە). قەوارەکەی (روبعی یان روقعی)یە و پێوانەکەی (١٤ ×٢٠ سنتم) لە بەرگ و جزو و بەندێکی مقەبای ئەستوور (کارتۆن) هەڵبەستراوە و بە کوتاڵێکی نایلۆنی سووورباوی تەنك داپۆشراوە.

لە بنەڕەتدا لاپەڕەکانی ژمارە و زنجیرەی لەسەر نییە، ئەیوبییان بە قەڵەمێکی سوور ژمارەبەندیی بۆ لاپەڕەکان کردووە، کە لە ژمارە (١)ەوە دەست پێدەکات و لە ژمارە (٢٣٢)دا کۆتایدێت. پێشبەندێکی جیا لە دەستنووسەکە هەیە ، لە شێوەی مەلزەمەیەك لە (٢٤) لاپەڕەدا، کە ئەیوبییان لە بەرایی و لەگەڵ دەستخەتەکەی شەتەکداوە. لە شێوەی پێرستێك بۆ شیعرەکان و ناواخنی دەستنووسەکەی نووسیوەتەوە. ئەمجا هەر دەستنووسەکە پاشبەندێکیشی لە (٢٨) لاپەڕەدا هەیە ، کە هەم لەڕووی بابەت و هەم نووسەرەوەکەشی جیاوازە، ئەیوبییان ژمارەبەندی لاپەڕەی بە جیا بۆ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بنەڕەتدا بەشێکە لە دەفتەر و دەستنووسەکە.

ئەمجا بەو پێیەی کەوا پێڕستی پێشبەندەکە دەرخەری ناواخنی دەستخەتەکەیە، بۆیە ئێمەش لە خستنەڕووی زانیارییەکان پشتی پێدەبەستین.

سەرنج و تێبینیی گشتی:

أ. دەستخەتەکە ناونیشانی نییە یاخود نەیماوە، ئەیوبییان ئەم ناونیشانەی بۆ داناوە: (کلیات وفائی / شامل قصاید، غزلیات، رباعیات، مخمسات، ملمعات، کردی و فارسی)(٧).

بەڕای ئێمە ناونیشانەکە (کلیات وفائی) بەس بوو، چونکە فۆرمە شیعرییەکان بەو پێییەی ئەیوبییان ڕیزیکردوون، لە دەستخەتەکەدا بە تێکەڵوپێکەڵی هاتوون نەوەك وا بە تەرتیب، لەگەڵ ئەوەی شیعرە فارسییەکان لە پێشەوەو کوردییەکان لە دواوە، لە دووبەشی سەرەکیدا گونجێندراون.

ب. دیوانەکە کۆکراوەیە، بەو واتایەی میرزا عیسا لەسەر دیوانی دەستخەتی شاعیر یان کەسێکی دیکەی نەگواستووەتەوە، بەڵکو شیعرەکانی بە هەڕەمەکی لە دووبەشدا تۆمار کردوون بێ ئەوەی ڕەچاوی نەریتێکی دیاریکراویشی لە نووسین و هێنانەوەی تێکستەکاندا کردبێت(٨).

ج. نووسەر لە دوای ئەوەی دەستی لە نووسینەوەی شیعرەکانی وەفایی بەردەبێت، پەرژاوەتە سەر تۆمارکردنی شیعری شاعیرانی دیکە، پارچەیەکی ئەحمەدی کۆری موکریانی و پارچەیەکی مەلا ساڵحی حەریقی تۆمارکردووە، بەڵام دیسان بایداوەتەوە سەر وەفایی و غەزەلێکی کوردی و دووپارچەی فارسیی دیکەی تۆمار کردوون، دیارە نووسەر دواتر ئەمانەی چنگکەوتوون.

د. پاشبەندی دەستخەتەکە کتێبی (کفایە الاسلام)ی مەولانا عەبدورڕەحمانی جامی تێدا نووسراوەتەوە، بە قەڵەمی میرزا عەبدوڵلای گەورك کە ئامۆزای میرزا عیسا بووە.

ه. وەکو گوترا لە بنەڕەتدا دەستخەتەکە ژمارەبەندی لاپەڕەی نییە، بەڵام بەشێوەی کۆن سوود لە هونەری (رکابة) بۆ زنجیرەی لاپەڕەکان وەرگیراوە. ڕەکابە ئەوەیە کە یەکەم وشەی لاپەڕەی تازە، لە پێشەوە و لە گۆشەی دەستەچەپی داوێنی لاپەڕەی پێشتر دەنووسرێت و بەم شێوەیە لاپەڕەکان بەیەکەوە گرێدەدرێنەوە[٩].

و. دەستخەتەکە، بە خەتێکی درشت و جوان و باش نووسراوەتەوە، جۆری خەتەکەی (نەستەعلیق)ە، کە لە تێکەڵکردنی هەر دوو خەتی (تەعلیق) و (نەسخ) بەرهەم هاتووە و لە سەدەی هەشتەمی کۆچییەوە برەوی پەیدا کردووە.

ز. هەر لاپەڕەیەك (١٣ تا ١٥) دێرە شیعری تێدا نووسراوەتەوە، بەو هۆیەی کە بابەتی دەستخەتەکە شیعرەو شیعریش ڕێوشوێنی نووسینەوەی خۆی هەیە بەتایبەت لە تەخمیس و تەرجیعبەندەکان، بۆیە نەتوانراوە یەکسانی ژمارەی دێرەکان لەلاپەڕەکاندا ڕەچاو بکرێت.

ح. لە کۆتایی دیوانەکەدا و لە لاپەڕەی (٢٢٤)دا (مەبەست شیعرەکانی وەفاییە جگە لەو پێنج پارچەیەی لە پێشەوە ئاماژەیان بۆ کرا)، نووسەر کۆتاییهاتنی کارەکەی ڕاگەیاندووە و مێژووەکەشی تۆمار کردووە، بەم

شێوەیە: "بتاریخ ٢٦ ذوالعقدة ١٣٢٢ از هجرت نبوی علیة التحیه و آله از دست بنده پر گناه عیسی ولد مرحوم حاجی عبدالرحمان اوجاق الاصلی ساکنی الپاراست من گورك قلمی شده، آه، آآه، من الموت و حالاته". لەمەوە بەدیار دەکەوێت کە ئەم دیوانە دەستخەتەی وەفایی لە ساڵی ١٣٢٢ی کۆچی بەرابەر ١٩٠٤ی زایینی نووسراوەتەوە، واتە دوو ساڵ لە دوای مردنی وەفایی لە ١٩٠٢دا.

ط. قەراغی لاپەڕەکان و بە دەوری تێکستەکاندا، بە کۆبە و پەراوێزی فارسی بە خەتی ورد و جوان و بە مەرەکەبی ڕەش بە نووسینی جۆراوجۆر نەخشێندراون. ئەم پەراوێزانە لەمەڕ بابەتگەلێکی هەمەچەشنەی دەوڵەمەند و بە سەروسامانە، لە نامەو نامەی شیعری، بابەتی ئایینی و مێژوویی و ڕووداوەکانی سەردەم، غەزەل و قەسیدەی کوردی و فارسی هی شاعیرانی ناسراو و نەناسراو، بڕێکی زۆر لە مادە تاریخ و ڕووداوەکان و مێژووی ژیان و کۆچ کردنی مەلا و زانا و ناودارانی تێدا تۆمار کراوە و زۆریش بایەخدارە، کە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیان کارێکی تایبەتی دەوێ.

**ناواخنی دەستخەتەکان:**

بە گوێرەی ئەو پێڕستەی ئەیوبییان، ناواخنی دەستخەتەکە بەم جۆرەیە:

أ. لە بەشی یەکەمدا (٩٧) پارچە شیعری فارسیی وەفایی تێدا تۆمار کراوە، کە لاپەڕە (١ تا ٧٤)ی دەستخەتەکەی گرتووەتەوە.

ب. لە بەشی دووەمدا شیعرە کوردییەکان دێن بێ ئەوەی نیشانە و جیاکارییەك لە نێواندا هەبێت، (١١٧) پارچە شیعر هەن کە لە لاپەڕە (٧٤ بۆ ١٧٤) درێژەی هەیە.

ج. هەر لەو لاپەڕەیەدا (١٧٤)، کاتێك شیعرە کوردییەکان بە کۆتا دێن، پارچەیەکی فارسی (٧) دێری بە ناونیشانی (بجناب حضرت مظهر شاه هندی عرضه شد) هەیە. ئەمجا هەر لە داوێنی ئەو لاپەڕەیەدا چوارینەیەکی کوردیی وەفایی هەیە، کە تاکە چوارینەی یەتیم و تاك و تەنهای کوردیی وەفاییە.

د. دوای ئەوە (رباعیات وفائی) دەست پێدەکات، لە لاپەڕە (١٧٥) تاوەکو (٢٢٤)، چوارینە فارسییەکانی وەفایی تێدا نووسراوەتەوە، کە سەرجەمیان (١٥٠) چوارینەن[١٠].

لە نێو ئەمانەدا و لە لاپەڕە (٢١٥) دا شیعرێکی فارسی هاتووەتە ناوەوە و لە لاپەڕە (٢١٦)دا چوارینەکان دەستپێدەکەنەوە تا کۆتایی.

چوارینەکان لە لاپەڕەکانی کۆتاییدا خەتەکەیان بۆ شکستەی نەستەعلیق گۆڕاوە.

ه. له لاپەڕە (٢٢٤)دا دیوانەکە تەواو دەبێت، نووسەرەوە ناو و شۆرەت و مێژوو و ڕێکەوتەکەی وەك لە پێشووتردا ئاماژەی بۆ کرا تۆمار کردووە.

و. له لاپەڕە (٢٢٥)دا موتەفەریقەکانە بەم شێوەیە:

- لاپەڕە ٢٢٥ / شیعرێکی ئەحمەدی کۆرە، بەم ناونیشانە (در کلام احمد کور قدس سره).

- ناوەڕاستی لاپەڕە ٢٢٦ / شیعرێکی حەریقە، بە ناونیشانی (حریقی).

- لاپەڕە (٢٢٧) تا ناوەڕاستی لاپەڕە (٢٢٩)، تەواوکەری قەسیدەیەکی فارسیی وەفاییە بە ناوی (شهد و شکر).

- نیوەی دووەمی لاپەڕە (٢٢٩) قەسیدەیەکی کوردیی وەفاییە بە ناونیشانی (وله در تعریف شیخ عبیدالله)، تا لاپەڕە (٢٣١).

- لاپەڕەی دوایی دەستخەتەکە واتە (٢٣٢) دیسانەوە دوو پارچە شیعری فارسیی وەفایی تێدا تۆمار کراوە.

تێبینی/ بەندە وای بۆدەچم کە تەنها دوو پارچەکەی (ئەحمەدی کۆڕ و حەریق) لە دەستخەتەکە بە قەڵەم و لە نووسینی میرزا عیسایە، لەوە بەولاوە شێوەی خەت و ئیملا و نووسینەکە گۆڕراوە و لە هی (میرزا عەبدوڵلا) دەچێت، کە دواتر پاشبەندەکەی نووسیوەتەوە.

ز. بەشی کۆتایی دەستخەتەکە، پاشبەندێکە لە (٢٨) لاپەڕەدا. کتێبێکە لە بارەی پایەکانی ئیمان و ئیسلام، بە ناوی (کفایه الاسلام)، کە بە شیعر

هۆنراوەتەوە و لە دانانی مەولانای جامییە، لە کۆتایی نووسراوەکەیدا دەڵێت: "تمت شد کفایت الاسلامی حضرت مولانا جامی قدس سره ـ از دست بنده درگاه این کمترین عبدالله ولد حاجی میرزا ابراهیم گورک سنه ١٣٣٠). ئەم میرزا عەبدوڵلایە ئامۆزای میرزا عیسایەو ئەویش شاگردی وەفایی بووە. وا مەزندە دەکرێت لە دوای مردنی میرزا عیسا ئەم دەستخەتە کەوتبێتە لای ئەو، ئەویش هەندێ شتی تازەی لێ زیاد کردبێت.

## بەشی سێیەم

### میرزا عیسای گەورك:

زانیارییەکانی ئێمە سەبارەت بە کەسایەتی و ژیاننامەی میرزا عیسای گەورك (نووسەری دەستخەتەکە) و بنەماڵەکەیەوە لە دوو سەرچاوە و بناوان هەڵدەگرێت، بەشێکیان ئەوەیە کە لە گۆشە و کەناری دەستنووسەکەیەوە چنگ دەکەوێت، بەشێکیش لە ئەمجامی سۆراغ و بەدواداچوونی بەندەوە بەدیهاتوون.

### سەرچاوەی یەکەم/

أ. میرزا عیسا لە پەراوێزی لاپەڕە (٥٢)ی دەستخەتەکەیدا نووسیویەتی: "تاریخ تولد خودم آنکه مبرور پدرم غفرالله له از حج باز آمده و حمزه آقای منگور سردشت را سوزانید). ئەمجا لە ژێرەوەش (١٢٨٤) نووسراوە و خەتێکی بە ژێردا کێشراوە.

ب. واته مێژووی له دایكبوونی خۆم ئەو كاتەیه كه باوكی خوا لێخۆشبووم له سەفەری حەج گەڕاوەتەوە و لەو ساڵە دایه، كه حەمزە ئاغای مەنگوڕ (سەردەشت)ی سووتاندووە.

دیاره ئەو مێژووەی میرزا عیسا تۆماری كردووە (١٢٨٤)، به پێی ساڵنامەی كۆچییه، كه بەرانبەر (١٢٤٦)ی هەتاویی و (١٨٦٧)ی زاینییە. لەگەڵ ئەو ساڵەشدا یەك دەگرێتەوە، كه هەمزە ئاغای كوڕی باپیر ئاغای سەرۆكی هۆزی مەنگوڕ له ئەمجامی تێكهەڵپژانی له گەڵ هێزەكانی حكومەتی قاجار هێرشی كردووەته سەر شاری سەردەشت و دەستی به سەردا گرتووە و سووتاندوویەتی[11].

ئەمجا هەر لەو لاپەڕەیه و له تەك ئەم پەراوێزەدا به لای ڕاستەوە به خەتێكی ورد و كاڵ و سەوزی جیاواز نووسراوە (تاریخ وفات میزا عیسی غفرالله له بحق محمد ١٣٣٧). ئەمه بەرابەر (١٩١٨)ی زایینییه، دیاره كەسێكی دیكه له دوای وەفاتی میزا عیسا نووسیەتی، دوور نییه میزا عەبدوڵلا بێت. له نێوان هەر دوو پەراوێزدا دێره شیعرێكی فارسی واتادار هاتووە:

نه مرداننــد كه دنیا دوست دارند اگر دارند برای دوست دارند

ت. له پەراوێزێكی دیكەدا و له لاپەڕە (٢٢٠)ی دەستخەتەكەدا هاتووە: "تاریخ وفات مرحوم مبرور جنت جاه حاجی عبدالرحمن پدرم فی الله عنه ١٣١٠)دا مردووە، كه دەكاته (١٨٩٢)ی زایینی.

ج. بەم جۆرە مەسەلەکە وا دەکەوێتەوە کەوا ئەم بنەماڵەیە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئاوایی (پاراستان)ی ناوچەی (گەورك) بن. میرزا عیسا لە ساڵی (١٨٦٧)ی زایینی هاتووەتە دنیاوە، بە داب و دەستووری ئەو سەردەمە، ناوبراو ماوەیەك لە مەدرەسەکانی ناوچەکە خوێندوویەتی، ئەمجا چووەتە شاری (سابڵاغ) و لەوێ لە (مەدرەسەکەی وەفایی) درێژەی بە خوێندن داوە. میرزا عیسا هەم خۆی و هەم برایەکی بە ناوی (میرزا محەمەد) و هەم ئامۆزایەکی بە ناوی (میرزا عەبدوڵلا) لەو ڕۆژگارەدا وێکڕا شاگرد و خوێندکاری مەدرەسەکەی وەفایی بوون[١٢].

لە ساڵی (١٨٩٢)دا میرزا عیسا لە تەمەنی (٢٥) ساڵیدا دەبێت، کە حاجی عەبدوڕڕەحمانی باوکی کۆچی دواییدەکات. لەوە دەچێت بەرلەوەی خوێندنی تەواو بکات و ئیجازەی مەلایەتی وەربگرێت، گەڕابێتەوە دێیەکەی خۆیان و لەوێ ئەرکی پێشنوێژی و مەلایەتی لە دێیەکەیانی گرتبێتە ئەستۆ، لە دوای ئەوەی وەفایی لە ساڵی (١٩٠٢)دا دوایین سەفەری حەج دەکات، هەر لەو سەفەرەشیدا دەبێت کە بەهۆی نەخۆشییەوە لە ڕێگای گەڕانەوەدا کۆچی دواییدەکات و ناگەڕێتەوە. ئەویش چاکی مەردایەتی لێهەڵدەکات و دیوانێکی ئەشعاری مامۆستاکەی پێکەوە دەنێت و لە دەفتەرێکدا دەینووسێتەوە و لە ساڵی (١٩٠٤)دا، واتە بە دوو ساڵ لە دوای مەرگی وەفایی کارەکە تەواو دەکات.

میرزا عیسا خۆیشی لە ساڵی (١٩١٨)دا و لە تەمەنی (٥١) ساڵیدا لە دێیەکەی خۆیان کۆچی دواییدەکات.

زانیاریی وا لەبەردەستدا هەیە، کە میرزا عیسا کتێبێکی بە ناوی (سیرة النبوة) لە باسی ژیاننامەی پێغەمبەردا بە شیعر و بە زمانی فارسی دانابێت، کە سەرەتاکەی بەم دێرە دەستپێدەکات:

بسم الله الرحمن الرحیم

**برگشت أیدل کە محبوب کیست          بجز بندگی از تو مقصود نیست**

کە لە کۆتاییدا هاتووە: "تمت شد کتاب سیرت نبوت از دوشنبە هشتم جمادی الثانی ١٢٩٩هـ. ق از ید حقیر سراپا تقصیر عیسی ولد حاجی عبدالرحمن مبارك باد یا الله). ئەمجا باس لە کتێبێکی دیکەش لە بارەی شەرع و ئایینی ئیسلامەتی دەکرێت، کە بە زمانی عەرەبی و بە ناونیشانی (هذا کتاب سوال و جواب ...)، دایناَبێت.

بەڵام لە سەرێکەوە ئەو مێژوویەی سەرەوە (١٢٩٩ کۆچی) کە بەرابەر (١٨٨١)ی زایینییە زۆر جێگای دڵنیایی نییە، بەو هۆیەی میرزا عیسا لەو کاتەدا تەنیا (١٤ ــ ١٥)ساڵ بووەو ناشێ لەو تەمەنە زووەدا کتێبی لەو بابەتەی نووسیبێت. بەو هۆیەش کە خودی دانراوەکانی میزا عیسا لەبەردەستدا نین، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت لەو بارەوە بگاتە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە[١٣].

**سەرچاوەی دووەم/**

بەشێکی دیکە لە زانیارییەکان سەبارەت بە میزا عیسا و بنەماڵەکەی، ئەوانەن کە لە ئەنجامی بەدواداچوونی خۆماندا بۆ ئەم بابەتە بەدەستمانهێناون، ئەویش بەم جۆرەیە[١٤]:

ســـەرجەلە و (شـــەجەرەنامە)ی بنەمـــاڵەی میـــرزا عیســـا بەم شـــێوەیەی لای خوارەوەیە:



(١) ئەمە (میرزا عیسای گەورك)ی خاوەنی دەستخەتەکەیە، کە خۆی و (میرزا محەمەد)ی برایشی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە سابڵاغ فەقێ و شاگردی مەدرەسەکەی وەفایی بوون.

(٢) ئەم میرزا عەبدوڵلایە ئامۆزای میرزا عیسایە، ئەویش هاوڕێ لەگەڵ دوو ئامۆزاکەی، شاگردی مەدرەسەکەی وەفایی بووە. ئەو بەشە لەو بنەماڵەیە هەر لە سەرەتادا لە شاری سابڵاغ جێگیر بوون، ئێستاش نەوە و نەوەزایان لەوێ ماون.

میرزا عەبدوڵلا کەسێکی خوێندەوار و زانا بووە، بۆتە جێی متمانەی وەفایی مامۆستای، بۆیە کاتێك وەفایی بۆ سەفەری حەج بەڕێ دەکەوێت، میرزا عەبدوڵلا دەکات بە بریکار و جێنشینی خۆی تا سەرپەرشتی شاگرد و خوێندکارەکانی مەدرەسەکەی بکات.

ئەم بنەماڵەیە لە بنەڕەتدا خەڵکی دێی (سەرخان)ی ناوچەی مەنگوڕایەتی دەبن لە دیوی کوردستانی عێراق، ئەو کاتە سنوورەکان وا توند و تۆڵ و قایم نەبوون و ناوچەی (پشدەر)یش لەڕووی مێژوویی و ئەنتۆگرافییەوە بەشێك بووە لە موکریان، لە ڕۆژگاری (مەلا عیسای) باپیرە گەورەیان بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچ دەکەن و لە ناوچەی (گەورك)ی (سەردەشت) جێگیر دەبن و دواتر لقێکیان دەچێتە سابڵاغ، تاوەکو ئەمڕۆ نەوەکانیان لەم ناوچانەدا ماون[١٥].

(٣) میرزا خدر، نەوەی میرزا عیسایە، لە ساڵی (١٣٠٧)ی هەتاوی (ساڵی هەرای مەلا خەلیل وەك خۆیان دەڵێن)، كە دەكاتە (١٩٢٨)ی زایینی هاتۆتە دنیاوە. سەرەتا لە لای (میرزا محەمەد)ی برای باپیرەی تا گوڵستان و بۆستان و كیمیای سەعادەت دەخوێنێ، دواتر دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت، ئێستا خۆیان و بنەماڵەكەیان لە دێی (واوان)ی نزیكی (سەردەشت) دەژین.

ئەم بنەماڵەیە بە پێی سەرجەلەكەیان خەڵكی زانا و خوێندەواریان زۆر بووە، بەڵام كەم وا هەیە قۆناغەكانی خوێندنی ئایینیان بە كۆتا هێنابێت و ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتبێت، بۆیە شۆرەتی زۆرینەیان (میرزا)یە، میرزا لە كوردەواریدا و لە ڕۆژگارانی پێشوو بەو كەسانە دەگوترا كە بەر لەوەی خوێندن تەواو بكەن و ببن بە مەلا دەست لە خوێندن هەڵبگرن. ڕەنگە سەختی باری ژیان و گوزەرانی خەڵك لەو ڕۆژگارەدا و بە تایبەتی بۆ خەڵكی دێهات نشین هۆكارێك بووبێت بۆ ئەو مەسەلەیە. لەمەوە ئەم نازناوە بەشێوەیەكی گشتی لە كۆندا بۆ خەڵكی خوێندەوار بەكارهاتووە.

میرزا خدر لە باس و وەسفی میرزا عیسای باپیرەیان دا دەیگوت: پیاوێكی تا بڵێی ئارام و هۆشمەند و زیرەك بوو، كەسێكی بە سام و بە هەیبەت وكەم دەهاتە دەرەوەو نێو خەڵك، زۆربەی كاتەكانی بە خوێندنەوە و موتاڵعە بەڕێدەكرد. وا هەبووە لە ڕۆژێكدا (٣٠) لاپەڕەی لە بابەتەكانی زانست و مێژوو و شەرعیاتەوە ڕوونووس دەكرد.

لە درێژەی ئەو باسـەدا میـرزا خـدر دەیگوت، میـرزا عیسـا کتێبێکـی دەسـتخەتی لەسـەر مێـژووی سـەردەشـت نووسـیبوو، کە پەراوێـزی لاپەڕەکـانی هەمـووی بە بابەتەکـانی شـیعر و ئەدەب ڕازێنـدرابوویەوە. دەسـتخەتەکە سـەرەنجام دەکەوێـتە لای ئاغادێی (سولْتان و ئـالاوە)، دواتـر کاربەدەستێکی دەوڵەتـی ئێـران بە نـاوی (سولْتان موزەفەری)، (دیارە مەبەست سولْتان ڕەحیمی موزەفەرییە، کە لە ساڵی ١٩٣٧دا شەهرداری سـەردەشـت بـووە)، لای ئاغـا چاوی پێدەکەوێت، دەیبـات و لای خـۆی گلیدەداتەوە و لـە دوایە شـوێنبزر دەبێت. دیـارە ئەو بنەمـاڵەیە بەهۆی مێژووی چەنـد کەسێکی بنەماڵەکەیـانەوە، سـەودا و عەلاقەیەکـی تایبەتیـان لەگەڵ شـیعر و بەرهەمـی وەفاییـدا هەبـووە. میـرزا خـدر بـۆی باسـکردم کە (وەفـایی) قەسـیدەیەکی (بەهـارییە)ی کـوردیی هەبـووە، کە نـاوی زیـاتر لە هەزار جـۆرە گوڵی تێدا هاتبوو، بەڵام مخابن نە ئەو شتێکی لەو بارەوە لە بیر مابوو نە ئێستاش ئەو قەسیدەیە لە دیوانەکانی وەفایدا شوێنەوارێکی هەیە.

## ئەنجام

أ. دەستخەت و دەستنووسەکان لە هەموو بوار و زانستێکدا کانگای ڕەسەنی زانیارییەکانن ، وەکو سامان و کەلەپوورێکی ڕووناکبیری - مێژووی نەتەوەیی سەیر دەکرێن و گلدانەوە و پارێزگاری لێکردنیان ئەرکێکی نیشتمانییە، ساغکردنەوە و چاپ و بڵاوکردنەوەیان بووەتە زانستێکی سەربەخۆ و میللەتانی دنیا بایەخێکی تایبەتی پێدەدەن.

ب. ئەم دەستخەتەی میزا عیسای گەورك بۆ دیوای شیعرەکانی وەفایی، لە سۆنگەی چەند هۆکارێك، بە کۆنترین و بە متمانەترین دەستخەتی دیوانی ئەم شاعیرە دادەنرێت، کە تاکو ئێستا لە بەردەستدایە.

ج. لە ساغکردنەوەی دوا چاپی دیوانی وەفایی، لە نێوان چەندان دەستخەت و نوسخەی چاپکراودا، ئەم دەستخەتە کراوەتە بنەما و لەبەر ڕۆشنایی نوسخەکانی تردا شیعر و دیوانی وەفایی ساغکراوەتەوە.

## پەراوێزەکان:

[*]دەستخەت و دەستنووس بەو کتێب و دەفتەر و پەڕاوانە دەگوترێت، کە بە دەستوخەت لەسەر کاغەز نووسراونەتەوە بەر لەوەی چاپ و چاپخانە وەکو پیشە و سنعات پەرە بستێنێ و بڵاوبێتەوە. لە کۆندا بۆ دابینکردنی پێداویستی خوێنەر و زانستخوازان گۆشەی مەدرەسەی مزگەوت و خانەقا و دەرباری میر و پاشاکان کراونەتە سەنتەر و بنکەی نووسینەوەی نوسخەی کتێب و دانراوەکان. دوای ئەوە دەستخەتنووسی شێوەیەکی پێشکەوتووی وەرگرتووە خەڵکانێك لە شار و شوێنە تایبەتەکاندا پەیدا بوون، کە بە کاتب و ناسخ یاخود وەڕاق ناسراون کار و پیشەیان ئەمە بووە.

[١] ئەوەی تا ئێستا زانراوە ئەوەیە کە دیوانێکی دەستخەتی (سالم) لە یەکێك لە کتێبخانەکانی ئەڵمانیادا پارێزراوە، بە پێی قسەی نووسەرەوەکەی بە خواستی خودی شاعیر و لە ژێر چاودێری ئەو لە ساڵی (١٨٦١) زاینییدا نووسراوەتەوە و مۆری ئەویشی پێوەیە، ڕەنگە ئەمە تا ئێستا بە متمانەترین دیوانی دەستخەتی شاعیرێکی کلاسیکی کورد بێت. بگەڕێوە بۆ:

- دەستنووسە کوردییەکان، ل ١١٠.

[٢]هەر بۆ نموونە (دیوانی شێخ ئەحمەدی جزیری)، کە یەکێك لە مەزنترین ڕەمزەکانی شیعری کلاسیکی و سۆفیزمی کوردییە لە دوای (٣٥٠) ساڵ لە مەرگ و مردنی ئینجا دیوانێکی تاڕادەیەك پوخت و ڕێکوپێکی لە شام بۆ ئامادە کراوە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

سەبارەت بە دیوانی (نالی)یش هەر هەمان شت، لە دوای (١٠٠) ساڵ لە مردنی ئینجا دیوانێکی پۆختە و پەرداخی هاتووەتە بەرهەم. سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

- العقد الجوهري فی شرح دیوان الشیخ الجزري، احمد بن ملا محمد البوتي الزفنگی، ج ١ ج٢/ مطبعة الرافدین، القامشلي، ١٩٥٩.
- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

[٣]تحقیق النصوص الادبیة اللغویه، ص ١٢٩.

[٤] المصدر السابق، ص ١٣٩.

[٥]روش تحقیق و شناخت مراجع ادبی، ص ٢٥ – ٣٠.

[٦]دیوانی وەفایی، ل ١٥

[٧]عەرەب لە کۆندا بە کۆکراوەی چەند لاپەڕە لە شیعر و بەرهەمی کەسێکیان گوتووە (أشعار) لە نموونەی (أشعار ابي الشیص الخزاعی)، کە دواتر بووە بە (دیوان) و بە کۆ بەرهەمی شیعری ئەو کەسە گوتراوە. فارس لە سەرەتادا (کلیات)یان بەکار بردووە، لەم دوایانە (دیوان)یش بەکار دەبەن، لە نموونەی (کلیات حکیم نظامی گنجوی - دیوان کامل نظامی گنجوی).

لەسەر فەرمانی دایکی سوڵتان عەبدولحمید، بۆ یەکەم جار شیعرە فارسییەکانی مەولانا خالیدی شارەزووری، لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی / ١٨٤٢ی زایینی بە ناونیشانی (دیوان بلاغتعنوان) لە ئەستەنبۆل لە چاپ دراون. دوور نییە وشەی (دیوان) بۆ یەکەم جار بۆ ئەو کۆکراوە شیعرانە بەکارهاتبێ، کە لە ساڵی (١٩٠٤) دا لە ئەستەمبۆڵ بە ناوی (دیوانا جزیری) بەکار هاتبێت. بگەڕێوە بۆ:

- ببلیۆگرافیای دووصەد ساڵەی کتێبی کوردی، ل ١٠٦.

[٨]زنجیرە و چۆنیەتی ڕیزکردنی شیعرەکان لە دیوانەکاندا بە چەند شێوە دەبێت:

- لای عەرەب سەرەتا شیعرەکان بە گوێرەی مەبەست و ناوەرۆکی شیعری ڕیز دەکران، وەکو: غەزەل، مەدیح، هیجا، ... دواتر گۆڕڕاوە و بووە بە ریزبەندیکردنی شیعرەکان بە گوێری سیستەمی بەدوایەکدا هاتنی ئەلفوبێی سەرواکان.
- لای فارسەکان لە کۆندا (غەزەل و قەسیدەکان)ی شاعیرێك لە سەرەتادا بە گوێرەی سیستەمی ئەلفوبێی سەرواکان ڕیزدەکران لە دوایە تەخمیس و تەرکیب و تەرجیع بەندەکان دەهێندرایەوە. دیوانە دەستخەتە ناوبراوەکەی (سالم)یش بەم شێوەیە ڕیزبەند کراوە.
- جۆرێکی دیکەی ڕیزبەند کردنی شیعرەکان بە گوێرەی مێژوو و سەردەمی هۆنینەوەیان دەبێت.

لە دیوانی شیعری کوردی جۆرێکی دیکەش پەیڕەو کراوە، کە شیعرەکان بە گوێرەی بابەتەکانیان ڕیز دەکرێن وەکو؛ شیعری ئایینی، وەسف و دڵداری، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی، ... تاد.

بەڵام زۆرینەی دیوانی شیعری کلاسیکیی کوردی، کە لە سەدەی بیستدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە بە گوێرەی سیستەمی ئەلفوبێی سەرواکان ڕیزکراون.

[٩] روش تحقیق و شناخت مراجع ادبی، ص ٢٥.

[١٠]لە بیرەوەرییەکانی وەفاییدا کە بە ناوی (تحفه المریدین) چاپ و بڵاوبۆتەوە، زیاتر لە (٢٠٠) چوارینی فارسی وەفایی هەن. لەم دەستخەتەشدا نزیکەی (١٥٠)

چوارینەی فارسی وەفایی جیاواز لەوانەی پێشوو تۆمار کراون. سەید عوبەیدۆڵڵای ئەیوبییان نزیکەی (١٨٠) چوارینی فارسیی لە دەفتەرێکدا نووسیوەتەوە (کە دیارە لەم دوو سەرچاوەوە ڕایگواستوون)، ئەم دەفتەرەی (روباعیاتی وەفایی) دانەیەکی لای ئێمەیە و دانەیەکیشمان بە هاوڕێی نووسەرمان (سەید عەبدوڵڵای سەمەدی) لە مەهاباد سپاردووە، بەڵکو بە هەردوولا دەرفەتێکمان بۆ هەڵبکەوێت و لە هەلێکدا دوای بەراورد و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیان بە چاپی بگەیێنین. سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:

- بیرەوەرییەکانی وەفایی، (تحفە المریدین)، لە فارسییەوە؛ محەمەد حەمە باقی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

[١١] سردشت در آیینەی اسناد تاریخی، ص ٨٠.

[١٢] دیوانی وەفایی، ل ١٧.

[١٣] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٩.

[١٤] دوا بەدوای چاپ و بڵاوبوونەوەی (دیوانی وەفایی) لە ساڵی ٢٠١٢دا، هاوڕێم نووسەر و شاعیری ڕۆژهەڵات (ڕەسووڵی سوڵتانی) بەدواداچوونێکی لە ڕۆژنامەی (هەولێر) لەمەڕ دیوانەکە بڵاوکردەوە تێیدا ئاماژەی بە گرینگی ئەو دەستخەتەی میرزا عیسا کردبوو کە وەکو بناغە دیوانەکەی لەسەر ساغکراوەتەوە. لەمەوە کوڕێکی ئەو بنەماڵەیە بە ناوی (سلێمانی میرزا خدر) کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی (سوید)ە، پەیوەندی پێوەکردم، لە بارەی دەستخەتەکەوە چەند شتێك هەبوون تاوتوێمان کردن. هەر لە ڕێگای ئەوەوە سۆراغی بنەماڵەکەیانم کرد و ناونیشان و ژمارە تەلیفۆنی کەس و کارەکەیم وەرگرت. لە هاوینی ئەو ساڵەدا لە گەشتێکماندا

بـۆ كوردسـتانی ڕۆژهەڵات بە مـاڵ و خێـزانەوە چـوومە سـەردانیان لە گونـدی (واوان)ی نزیـك بە شـاری سەردەشـت، كە ئێسـتا لەوێ نیشـتەجێن. یەك دوو ڕۆژ لایان ماینەوە و ئەم زانیارییانە بەرهەمی ئەو سەفەرەن.

[15]گەورك یـاخود گەوركـایەتی، نـاوچەیەكی فراوان و بەربەرینە نـزیكەی (٦٠ – ٧٠)ی دێـی هەیە، دەكەوێتە نێـوان سێكوچكەی شـارەكانی (سەردەشـت ـ بۆكـان ـ مەهابـاد)، خەڵـكەكەی بە باغـداری و بەخێـوكردنی مەڕومـاڵات و ئاژەڵـداری و كشتوكاڵەوە خەریكن.

سەرچاوەکان


1 .	بیلیوگرافیای دوو صەد ساڵەی کتێبی کورد، مصطفی نەریمان، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٨.

2 .	بیرەوەرییەکانی وەفایی (تحفه المریدین)، لە فارسییەوە: محەمەدی حەمە باقی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

3 .	تخقيق النصوص الادبية و اللغوية و نقدها، د. عباس هاني الچراخ، دارصفاء للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١١.

4 .	دەستنووسە کوردییەکان، د. کەمال فواد، ڤیزبادن، ئەلمانیا، ١٩٧٠ (بە ئەڵمانی).

5 .	دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدوالکریمی مدڕس و فاتح عبدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

6 .	دیوانی وەفایی، کرد و کۆ و بەراوردکاری: سەید عوبەیدوڵلای ئەیوبییانی مەرکەزی (بڕڕەك)، ساغکردنەوە و پێشەکی نووسین: د. عوسمان دەشتی، لە بڵاوکراوەکانی ئاکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.

7 .	روش تحقیق و شناخت مراجع ادبی، د. محمد غلامرضایی، چاپ دوم، جام جم، تهران، ١٣٧٦.

8 .	سردشت در آینه اسناد تاریخی، گردآوری و تالیف: فریدون حکیم زاده، انتشارات رهرو، مهاباد، ١٣٨٣.

9 . العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري، احمد بن ملا محمد البوتي الزفنگی، ج ١ ج١، مطبعة الرافدين، القامشلي، ١٩٥٨، ١٩٥٩.

پاشکۆ

( 1 ) وێنەی (٣) لاپەڕە لە دەستخەتەکە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی

( 2 ) وێنەی میرزا خدری واوان.





View publication stats